**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی

**"منداڵ پێش هەمووشتێك و هەموو کەسێکە"**

# ڕێنماییەکانی کردنەوەو بەڕێوەبردنی دایەنگە

(ئەم ڕێنماییانە ئەو بڕگەو ماددانە ڕووندەکاتەوە کەپەیوەندییان بە کردنەوەو بەڕێوەبردنی دایەنگەوە هەیە لە ڕوانگەی ڕێنمایی ژمارە (1)ی ساڵی (2015) ی تایبەت بە دایەنگەکان لە هەرێمی کوردستان، دەرچوو لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەنووسراوی ژمارە (1907) لە 28ی 4ی 2015 گشتاندنی پێکراوە).

**( ئامادەکردنی: بەشی یاسا، بەشی دایەنگەکان )**

**سلێمانی** – 2016/11/1

www.socialsuli.com

# "ڕێکاری دەستخستنی مۆڵەتی کردنەوەی دایەنگە"

**ماددەی دووەم/**

یەکەم: داواکارییەکی وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی/ بەش دایەنگەکان دەکرێت بە دوو وێنە، لەگەڵ ئەم هاوپێچانە:

أ. وێنەیەك لە ناسنامەی باری شارستانی ئەگەر ئەو کەسە عێراقی بێت، وێنەیەك لە پاسۆرتەکەی ئەگەر بیانی بێت، لەگەڵ سێ وێنەی کەسی .

ب. بڕوانامەیەك کە بیسەلمێنێت سزا نەدراوە.

ج. ڕەزامەندی سەرەتایی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

د. وێنەیەك لە مۆڵەتی تەندروستی کە لەلایەن دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە دەرچوو بێت، هەروەها کارتی تەندروستی کارمەندانی دایەنگە.

هـ. داواکار پێویستە بەڵێننامەیەك پڕبکاتەوە کە پابەندە بە هەموو یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییەوە.

و. گرێبەستی بەکرێدانی بینای دایەنگە ئەگەر بیناکە کرێبوو، یان وێنەیەك لە موڵکداری (صورە قید) ئەگەر بیناکە موڵکی داواکار بوو.

دووەم: ئەو لیژنەیەی تایبەتە بە بینینی بینای دایەنگە ڕادەسپێردرێت بە بینینی بیناو پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێك لەبارەی واقیعی بیناکەو پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ بەشی دایەنگەکان دەکرێت کە ئەمانەی خوارەوە لە ڕاپۆرتەکەدا ڕوونکراونەتەوە:

أ. زانیارییە سەرەتاییەکانی پەیوەست بە دایەنگەوە ( ناوی دایەنگە، ناونیشانی دایەنگە، ڕووبەرەکەی، ژمارەی ژوورەکانی، هۆڵەکانی، موشتەمەلات، گۆڕەپانی دەرەوە ئەگەر هەبێت، چێشتخانە، شوێنی ئەو تەمەنە جیاوازانەی دایەنگە بەنیازە وەریانگرێت)

ب. ژمارەی ئەو منداڵانەی ڕێدەدرێت بە وەرگرتنیان، بەپێی بەرکەوتەی هەر منداڵێك بۆ ڕووبەری بیناکە ( 2 مەتر چوارگۆشە بۆ هەر منداڵێك بۆ ڕووبەری نێوخۆی بینا، 2 مەتر چوارگۆشە بۆ هەر منداڵێك بۆ ڕووبەری دەرەوەی بینا).

## "لیژنەکانی سەرپەرشتی‌و چاودێریی دایەنگەکان"

**ماددەی سێیەم:**

بە بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە ناوەندی هەر پارێزگاو ئیدارەیەك، لیژنەیەك یان زیاتر پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی کارمەندێك بەناونیشانی توێژەری کۆمەڵایەتی‌و ئەندامییەتی کارمەندێکی تەندروستی‌و یەکێکیتر پەروەردەیی، کە ئەم ئەرکانە لە خۆدەگرێت:

یەکەم/ ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبارەی بیناو کارمەندو منداڵ لە دایەنگە لە ڕوانگەی سەردانە مەیدانییەکانیانەوە کە ناوبەناو پێی هەڵدەستن لەگەڵ پێشنیاری پێویست‌و پێشکەشکردنیان بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ بەشی دایەنگە.

دووەم/ سەرپەرشتیکردنی دایەنگەکان لە ڕووی تەندروستی‌و پەروەردەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و هەڵسەنگاندنی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکان لە دایەنگەو پێشکەشکردنی پێشنیار لەبارەیانەوە.

سێیەم/ پێشنیاری وەرگرتنی منداڵانی باوك‌و دایك نادیارو منداڵانی بێ سەرپەرشت‌و منداڵی زیندانییەکان.

## "مەرجەکانی ئەو شوێنەی دایەنگەی تیا دەکرێتەوە"

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە ئەو شوێنەی دەویسترێت دایەنگەی تیا بکرێتەوە ئەم مەرجانەی تیابێت:

یەکەم/ پێویستە بیناکە لە شوێنێکدا بێت کە بەباشی ڕێکخرابێت لەلایەن شارەوانییەوە، بێجگە لەو دایەنگانانەی کە کۆمپانیاو کارگەکان دەیکەنەوە لەپێناو بەرژەوەندی‌و خزمەتی منداڵانی کرێکارەکانیاندا. پێویستە ئەو شوێنە دووربێت لە قەرەباڵغی‌و ژاوەژاوو ژینگەی پیس‌و ژەهراوی‌و ئەو کۆگایانەی ئاسان گڕدەگرن یان ئەو مادادانەی زیان بە تەندروستی گشتی دەگەیەنن، وەك ئەو هێڵانەی کە تەزووی بەرزی کارەبا دەگوازنەوە.

دووەم/ پێویستە بیناکەلە شوێنێکی نزمایی وادا نەبێت کە ئەگەری لافاوو داڕمانی هەبێت.

سێیەم/ پێویستە ئەو ڕێگایانەی دەکەونە سەر ڕێگەی دایەنگەکە سەلامەت بن‌و قیرتاو کراوبن.

# "مەرجەکانی ئەو بینایەی گونجاوە بۆ دایەنگە"

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە ئەو بینایەی دەویسترێت مۆڵەتی پێبدرێت بۆ دایەنگە ئەم مەرجانەی تیابێت:

یەکەم/ پێویستە بیناکە بە کەرەستەی هەمیشەیی بینا دروستکرابێتو مەرجەکانی سەلامەتیو ژینگەییو تەندروستی تێدا ڕەچاوکرابێت.

دووەم/ پێویستە بیناکە نهۆمی سەر زەوی (زەمینی) بێت، سەربەخۆبێت، دەرگایەکی سەربەخۆی لەسەر شەقام بێت، بۆ بەرزبوونەوە یان نزمبووەو چوونە خوارەوە بە پلیکانە لە مەترێك زیاتر نەبێت لە ئاستی شەقامەکەوە، پارێزراوبێت، لەم مەرجەدا تەنها ئەو دایەنگانە هەڵاوێرد دەکرێت کە دامەزراوەی فەرمی یان کۆمپانیاو کارگەکان دەیانکەنەوە بەمەرجێك مەرجەکانی سەلامەتیو تەندروستیو پارێزراوی تیابێت بۆ منداڵ.

سێیەم/ لەکاتی پێکەوە بوونی بینای دایەنگە لەگەڵ باخچە یان قوتابخانە، پێویستە دایەنگە خۆی گۆڕەپانێکی سەربەخۆی هەبێتو پارێزراو بێتو یاریی تایبەتو گونجاوی تێدابێت بەپێی تەمەنە جیاوازەکان، وە پێویستە سەلامەتو ئامانجدارو پشودەرکەر بێت، هەروەها پێویستە دایەنگە سەرئاو (W.C)و دەستشۆری تایبەت بەخۆی هەبێت.

چوارەم/ پێویستە دایەنگە چەند ژوورێکی هەبێت کە بە پێی پێویست پێداویستییان تێدابێت بەمەرجێك گونجاوبن لەگەڵ باڵاو تەمەنی منداڵەکانو لە ڕووی تەندروستییەوە، هەروەها پێویستە درێژی هیچ ژوورێك کەمتر نەبێت لە 3 مەترو یەکێك لەو ژوورانە تایبەت بێت بە منداڵی شیرەخۆرە.

پێنجەم/ پێویستە لە دایەنگەدا هۆڵێکی چالاکی هەبێت، گونجاو بێت لەگەڵ ژمارەی منداڵەکان، بەجۆرێك نابێت ڕووبەری تەرخان بۆ هەرمنداڵێك تیایدا کەمتر بێت لە 2 مەتر دووجا.

شەشەم/ پێویستە دایەنگە سەرئاو(W.C)ی تەندروستو گونجاوی بەپێی باڵاو تەمەن هەبێت ، بەجۆرێك هەر 15 منداڵ یەك سەرئاویان بەرکەوێت، پێویستە ژمارەو بەرزی دەستشۆرەکان گونجاو بێت لەگەڵ ژمارەی منداڵەکانو باڵایاندا.

حەوتەم/ پێویستە لە دایەنگەدا چێشتخانەیەکی گونجاو هەبێت بەجۆرێك سەربەخۆ بێت لە ژووری نانخواردنو ئامێری ئاڵوگۆڕی هەوای تیابێت، هەروەها پێویستە شوێنی تایبەت بە پاراستنی خواردن، ئامێری پاککردنەوە لە میکرۆب (تەعقیم)ی تێدابێت، پێویستە کەلو پەلی سەلامەت لە ڕووی تەندروستییەوە بەکاربهێنرێت بۆ ئامادەکردنو گەرمکردنەوەو پێشکەشکردنی خواردن، هەروەها بەکارهێنانی ئەو پێداویستیانەی لە پلاستیکی زیان بەخش پێکهاتوون ڕێگەپێدراونین، لە هەموو ئەمانەشدا تەمەنی منداڵ ڕەچاودەکرێت.



بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی، 2016

هەشتەم/ دابینکردنو دابەشکردنی ئامێری ئاگرکوژێنەوەو دانانی لە شوێنی پێویستدا، وەك چێشتخانە، بۆ ئەوەی بەکارهێنانی ئاسان بێت.

نۆیەم/ پێویستە ژوورێك تایبەت بکرێت بۆ بەڕێوەبردن (ئیدارە)، بەجۆرێك شوێنی تایبەت بە پاراستنی فایلو دۆسیەی هەموو پێشینەو داتاو زانیارییەکانی دایەنگە لە خۆبگرێت کە پەیوەیستن بە مۆڵەتەوە، هەروەها گرێبەستی کارمەندەکانو هەموو نوسراوو گشتاندنەکانو تابلۆیەکی ئاگاداری کە سەرجەم ژمارە پێویستەکانی لەسەر بێت وەك :( پۆلیس، پۆلیسی بەرگری شارستانی، بزیکترین بنکەی تەندروستی، ... )

## "مەرجە گشتییەکانی سەلامەتی لەنێو دایەنگەدا"

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لە دایەنگەدا مەرجە گشتییەکانی سەلامەتی هەبن بەمجۆرەی خوارەوە:

یەکەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ئاوی خواردنەوەو هەیە:

أ. هەڵگرتنو پاراستنی ئاو لە تەنکیو کۆگای ئاوی تەندروستو داخراو بەجۆرێك گەیشتن پێیان ئاسان بێت لەپێناو بینینیانو پاککردنەوەیان ناوبەناو، هەروەها پێویستە ئەو کۆگایانەی ئاو دووربن لە پیسبوون.

ب. پێویستە ئەو ئاوەی بۆ خواردنەوەو چێشتلێنان بەکاردەهێنرێت پاك بێت، لەمبارەیەوە باشتر وایە فلتەری ئاو بەکاربهێنرێت.

دووەم/ ئەوەی پەیوەندی بە کارەباوە هەیە:

أ. پاراستنی سەرچاوەکانی وزەی کارەبا لە سندوقی پارێزراوبێتو لەمبارەیەوە پێویستە کار بە ڕێنمایی خۆپارێزی بکرێتو پابەندبن پێوەی.

ب. پێویستە گەیەنەر(وایەر)ە کارەباییە ئاشکراکان بە بە ماددەی تایبەت دابپۆشرێن هەروەها هێندە بەرزبن دەستی منداڵیان پێ نەگات، هەروەها پێویستە ئامێری ئاگرکوژێنەوە لە بیناکەدا هەبێتو بەشێوەی خولی بپشکنرێت بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە کارکردنی.

سێیەم/ دابینکردنی سندوقی پێداویستی فریاگوزاری سەرەتایی کە پێداویستی پزیشکی پێویستی تێدابێت وەك: لۆکە، پاککەرەوەی برین، شاشی پزیشکی، لەزگەی پزیشکیو ئامێری پێوانەی گەرمی لەشو .... هی تریش.

چوارەم/ لە پێناو دڵنیابوونەوە لە سەلامەتیانو بەسەرنەچوونیانو پاکو خاوێنیان پێویستە بەشێوەی خولی ئامێرەکانی یاریکردنی منداڵ بپشکنرێنو چاکبکرێنەوە.

پێنجەم/ پاراستنی بتڵەکانی غاز لە شوێنی سەلامەتو دوور لە سەرچاوەکانی ئاگرو پشکنینی بۆریەکانی بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی هیچ لیچوونێکیان نییە.

شەشەم/ پێویستە هەر دایەنگەیەك پلانێکی بۆ حاڵەتی لەناکاوی هەبێت بەجۆرێك چۆنییەتی چۆڵکردنی بیناکەو سەلامەتی منداڵەکان دابینبکات لەکاتی ڕوودانی هەر حاڵەتێکی لەناکاو کە ئەوە بخوازێت.

**ماددەی حەوتەم:**

یەکەم/ لەسەر خاوەنی دایەنگە پێویستە گرێبەستێك لەگەڵ پزیشکێکی تایبەت بە منداڵ یان پزیشکێکی گشتی ببەستێت کە سەرپەرشتی لایەنی تەندروستی منداڵەکان بکاتو ئەنجامی پشکنینەکان لە کارتی پزیشکی تایبەت بە هەر منداڵێك بپارێزێت لە دۆسیەی هەر منداڵێکدا.

دووەم/ پزیشکەکە سەردانی خولی ئەنجامدەدات ، هەروەها هەرکاتێك پێویستی کرد.

## "ئەو ڕەفتارانەی لەسەر بەڕێوەبەرایەتیو کارمەندانی دایەنگە قەدەغەیە"

**ماددەی هەشتەم:**

لەسەر بەڕێوەبەرایەتی دایەنگەو کارمەندەکانی ئەمانەی خوارەوە قەدەغە دەکرێن:

یەکەم/ وەرگرتنی منداڵی سەرو تەمەن (4) چوار ساڵ.

دووەم/ سزادانی منداڵ لە ڕووی جەستەییو دەروونیەوە، تەنانەت ڕاوەشاندنی، هەروەها هەر مامەڵەیەکی خراپ مەعنەوی بێت یان زارەکی .

سێیەم/ ناچارکردنی منداڵ بە ئەنجامدانی هەر کارێك لە ژێر هێزو زەبردا.

چوارەم/ بێبەشکردنی منداڵ یان درەنگ خستنی تێرکردنی لە هەر پێداویستییەکی سەرەکی.

# "تۆمارو دۆسیە پێویستەکان"

**ماددەی نۆیەم/**

لەسەر دایەنگە پێویستە بەڵگەنامەو تۆمارو دۆسیەی تایبەت بە منداڵو کارمەندانی هەبێتو بیانپارێزێت، بەمجۆرەی خوارەوە:

یەکەم/ تۆمارەکان:

أ. تۆماری تایبەت (هاتوو) و (ڕۆیشتوو).

ب. تۆماری تایبەت بە ئامادەبوونو نەهاتوو (غیاب)ی منداڵو یەکێك تایبەت بە کارمەندان.

ج. تۆماری تایبەت بە سەردانەکان.

د. تۆماری پزیشکی تایبەت بە لایەنی تەندروستی منداڵەکان.

دووەم/ دۆسیەکان:

أ. دۆسیەی تایبەت بە کارمەندان: بڕوانامە، کارتی تەندروستی، گرێبەستی کارکردن، وێنەی کەسیو هەموو بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکانی تێیدا هەڵدەگیرێت.

ب. دۆسیەی تایبەت بە منداڵەکان: کارتی تەندروستییەکان ( ئەوانەی پزیشك ڕێکی خستووبن)، وێنەی کەسی، بڕوانامەی لەدایکبوون، هەموو بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکانی تێدا دەپارێزرێت.

# "ڕاپۆرتو کاروچالاکییە پێویستەکان"

**ماددەی دەیەم:**

لەسەر دایەنگە پێویستە بەشێوەی خولی ڕاپۆرتی خۆی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ بەشی دایەنگەکان بکات، لەبارەی:

یەکەم/ کاروچالاکیە پەروەردەییو کۆمەڵایەتییەکانی کە ڕێکیان دەخات بەمەبەستی گەشەی منداڵەکان بەجۆرێك بەشێوەیەکی سروشتیو دروست گەشە بکەن.

دووەم/ لیستێك لەناوی کارمەندانی دایەنگەو تواناییەکانیان(کارامەییەکانیان).

سێیەم/ لیستێك لە ناوی منداڵەکان بە ژمارەو تەمەنو ڕۆژی پەیوەندیکردنیان بە دایەنگەوە.

**مادده یازدەیەم:**

یەکەم/ بەشی دایەنگەکان هەڵدەستێت بە وەرگرتنی مۆڵەتی کردنەوەی دایەنگەو وربینیکردنی بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کەمو کوڕی تێدا نییەو بەرزکردنەوەی پێشنیار لەبارەی پێدانی مۆڵەتەوە.

دووەم/ وەرگرتنی سکالاّ دژی هەر دایەنگەیەكو لێکۆڵینەوە لێی بە ڕێگا کارگێڕیو یاساییەکانو گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ چارەسەرکردنیان.

## "نرخی وەرگرتنو لەخۆگرتنی منداڵ لە دایەنگە حکومیو تایبەتەکان"

**ماددەی دوازدەیەم:**

یەکەم/ نرخی وەرگرتنو خزمەتگوزاری لە دایەنگە حکومییەکان بەمجۆرە دیاریدەکرێت:

أ. بۆ منداڵی یەکەم بڕی ( 25000 ) بیستو پێنج هەزار دیناری مانگانە.

ب. بۆ منداڵی دووەم بڕی (20000) بیست هەزار دیناری مانگانە.

ج. بۆ منداڵی سێیەمو زیاتر بڕی (15000) پانزە هەزار دیناری مانگانە.

دووەم/ نرخی وەرگرتنی منداڵو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە دایەنگە تایبەتەکان (ئەهلییەکان) لەلایەن خاوەنی دایەنگەوە دیاریدەکرێتو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتییەوە پەسەند دەکرێت لەسەر بنەمای پێشنیاری لیژنەیەك لەسەر بنەمای جۆری بیناو ئەو کارمەندانەی کاری تێدادەکەنو هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە منداڵەکان دەکرێن، بەمەرجێك بگونجێت لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانو بارگرانییەکی زۆریش نەبێت لەسەر خێزانی منداڵەکان.

## "کاتو دەوامی دایەنگە"

**ماددەی سیازدەیەم:**

یەکەم/ لەسەر دایەنگە پێویستە بەلایەنی کەمەوە نیو سەعات پێش دەوامی فەرمی دەرگاکانی بکاتەوە، وە نیو سەعات پاش دەوامی فەرمی بۆ ئەوەی دایكو باوکی منداڵ بتوانن منداڵەکانیان بگەیەننە دایەنگەو دواییش وەریانگرنەوە.

دووەم/ دەکرێت دایەنگەی تایبەت (ئەهلی) ماوەی دەوام درێژبکاتەوە بۆ چەند سەعاتێکی زیادە لەسەر بنەمای پێویستی منداڵ بەمەرجێك لەهەموو بارودۆخێکدا لە سەعات (7) حەوتی ئێوارە تێپەڕ نەکات، بەمەرجێك پێشتر ڕەزامەندی وەزارەتو لایەنی پەیوەندیدار وەربگرێت.

سێیەم/ پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاستاندن بۆ ئەو بڕە پارانەی لەبری سەعاتی زیادە وەردەگیرێن بکات ، بەپێی پێوەرە کارپێکراوەکانی ئەم ڕێنماییە.

## "سەرپێچیو سزا"

**مادەی چواردەیەم:**

یەکەم/ لەکاتی سەرپێچی خاوەن دایەنگە بۆ سیستمی ژمارە (7)ی ساڵی (2013)و ڕێنماییە دەرچوێنراوەکان، ئاگادارکردنەوەیەکی ئاراستە دەکرێتو بۆ ئەوەی لەماوەی 15 ڕۆژدا سەرجەم سەرپێچییەکان لا بداتو دۆخی دایەنگەکەی ڕاست بکاتەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر خاوەنی دایەنگە پابەند نەبوو بە چاککردنی کەمو کورتییەکان داوای لێدەکرێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکاتو لە ڕێگەی نووسراوی فەرمییەوە ئاگادارکردنەوەی دووەمی ئاراستە دەکرێت، لەکاتی بەردەوامی دایەنگە لەسەر سەرپێچییەکانیو چاك نەکردنی کەمو کورتییەکانی، ئەوە پێویستە بە فەرمانێك لەلایەن وەزیر یان هەرکەسێك کە ڕایدەسپێرێتو دەسەڵاتی پێدەبەخشێت مۆڵەتەکەی لێوەردەگیرێتەوەو ماوەی 30 ڕۆژی پێدەدرێت بۆ ئەوەی خێزانەکان منداڵەکانیان بگوزانەوە بۆ دایەنگەیەکی تر.

دووەم/ ئەو کەسەی بەهۆی سەرپێچی لە یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکانو سیستمی دایەنگەکان مۆڵەتی لێدەسەنرێتەوە، مافی پێشکەشکردنی داوایەکی نوێی نامێننێت بۆ کردنەوەی دایەنگە هەتا دوو ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر سەندنەوەی مۆڵەتەکەیدا لە ڕۆژی لێسەندنەوەیەوە.

**ماددەی پازدەیەم:**

هەموو ئەو ماددەو بڕگانەی لە یاسای کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا هاتووە بەسەر کارمەندانی دایەنگەکاندا جێبەجێدەکرێت بۆ پارێزگاری لە مافی کارمەندان.

**- کۆتایی -**